-١-

# چاوخشاندنێک بەسەر سەرکەوت

**شـــەحنکەرەوەی پورتێبل کە زاراوەی ناو بازاڕ بە (شەحنی سەفەری) ناسراوە، ئەو باترییانەن کە لەگەڵ ئەوەیدا خۆیان بەهۆی وزەی کارەباوە شـــەحن دەبنەوە، دواتر دەتوانن ئامرازە دیجیتالییەکانی وەك مۆبایل، کامێرا، تەبلێت...تاد، بارگاوی واتە شـــەحن بکەنەوە. ئەم شـــەحنکەرەوە سەفەرییانە (شارژێر پورتێبڵ) کە ناوە بازاڕییەکەی تەواو گونجاوە واتە شەحنکەرەوەیەك کە لە کاتی سەفەر و گەشت و گەڕاندا دەکرێت سوودی لێوەربگیرێت، ئەوەش سوودێکی زۆر بە خاوەنەکەی دەگەیەنێت، بۆ نموونە بۆ گەشت**




## شەحنکەرەوەی جۆری Monster Powercard:

کۆمپانیای (مۆنســـتێر) زیاتر لە بواری بەرهەمهێنانی هێدفۆندا چالاکی هەیە، بەڵام لەم ماوەیەدا ئەم شـــەحنکەرەوەیە ئێمە لێرەدا ئاماژەمان پێکردووە بەرهەم هێناوە، قەوارە و سایزی شەحنکەرەوەکە بەقەد جزدانێکی پارە هەڵگرتنە. دەتوانێت 5 کاتژمێر وزە بۆ ئامێرەکان دابین بکات. خزمەتگوزاری no waiting لەم شـــەحنکەرەوەیەدا بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیك ئامێرەکان دەناسێنێ و وزەی پێویستیان بۆ دابین دەکات.



## شەحنکەرەوەی جۆری Isis Freeloader :

تایبەتمەندییەکـــی گرنگی شـــەحنکەرەوەی ناوبراو لەوەدایـــە کە بەهۆی وزەی خۆرەوەش بارگاوی دەبێتەوە، جگە لە وزەی کارەبا. بە هەر شەحنکردنەوەیەك 4000 mAh باتری لەخۆیـــدا هەڵدەگرێت. تەنیـــا شـــوێنێکی micro USB هەیە کە تایبەتە بە مۆبایلەکانی هەڵگری سیستەمی ئەندرۆید و بەتایبەتی گەلەکسییەکان.





# ئەڵقەیەکی جادوویی بۆ خستنەژێر کۆنترۆڵی ئامرازەکان

# ـــووترین شەحنکەرەوە پورتێبڵەکان




و گەڕان چوویتە سەر یەکێك لە چیا بەرزەکان و بەهیچ جۆرێك دەستت بەکارەبا ڕاناگا، نیازت هەیە وێنەیەك لەم دیمەنە دڵڕفێنانە هەڵبگرێت، بەڵام، مۆبایلەکەت، یان کامێراکەت تەواو شەحنی دابەزیوە، ئەوکات نە دەتوانی پەیوەندی بکەی و نە وێنەیەك بگری، شەحنە سەفەرییەکان بۆ ئەم کاتانە بەڕاستی گونجاون، لێرەدا چاوێك بەسەر چەند شەحنکەرەوەیەکی سەفەری (شارژێر پورتێبڵ)دا دەخشێنین و تایبەتمەندییەکانیان باس دەکەین.

## شەحنکەرەوەی جۆری Mophie Power Reserve Lightning:

ئەم ماوسە بەرهەمی کۆمپانیای مایکرۆسۆفتە، هەروەك لە دیزاینەکەیدا هەست پێدەکرێت، ماوسێکی چەماوەیە، بۆ ئەوانەی کە زۆر لە سەر کۆمپیوتەر دەمێننەوە، ماوسێکی زۆر باشەو دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی شەکەتی و ماندوویی بەکارهێنەرەکەی.

## شەحنکەرەوەی جۆری Incipio offGRID Smart:




ئەم شەحنکەرەوەیە لەگەڵ ئەوەیدا هەڵگری 6000mAh وزەیە، لە تەکنەلۆژیای بلۆتوسی هۆشمەندیش سوود وەردەگرێت بۆ ئەوەی کە بەکارهێنەرەکەی ئاگادار بکاتەوە لە زانیاری پێویست لەبارەی شەحنکردنەوەکە، بۆ نموونە ڕێژەی باتری نیشان دەدات، هەروەها ئەوە لە شاشەکەی نیشان دەدات کە دەکرێت چەند جار بەهۆیەوە مۆبایلەکەت شەحن بکەیەوە. لەوکاتەی کە مۆبایلەکە بەتەواوی شەحن بووەیەوە ئۆتۆماتیکی شەحنکردن دەبڕدرێت. شەحنکەرەوەکە دژە دەڕبوونە و لە یەك کاتیشدا دوو ئامێر شەحن دەکاتەوە.

## شەحنکەرەوەی جۆری Braven BRV-Bank:





ئەم (شارژێرە پۆرتێبڵە) بەهۆی سیستەمی بلوتوسەوە دەتوانێت چاودێری لەسەر چۆنییەتی شەحنکردنەوەکە بکات، بەمەش بەکارهێنەرەکەی دەزانێت کەی و چ کات ئامێرەکەی شەحن دەبێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکەی شەحنکەرەوەکە ئەوەیە کە بە تەڕ بوون تێکناچێت و خاوەنی دوو شوێنی USBیە کە بەهۆیەوە دەکرێت دوو ئامێر لە یەکاتدا شەحن ببنەوە.

لە دێرزەمانەوە ئەڵقەی پەنجە ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە، جا چ ئەڵقەی شاو خاوەنشکۆکان بێ کە وەك مۆر سوودی لێوەرگیراوە، چ ئەڵقەی هاوسەرگیری بێت.. وردە وردە ئەم ئەڵقانە هاتوونەتە ناو جیهانی دیجیتالیشەوە. لەم ماوەیەدا ئەڵقەیەك چێکراوە کە لە وەك ئەڵقەی دیکە لە پەنجە دەخرێت، بەڵام کارکردەکانی زۆرن.

بەهۆی ئەڵقە دیجیتالییەکەوە کە لەلایەن کۆمپانیایەکی ژاپۆنی چێکراوە دەتوانی، مۆبایل، ئامرازەکانی ئەلکترۆنی ماڵەوە، وەك سپیلیت و گەسکی کارەبایی، تەلەڤزیۆن وچاویلکەی هۆشمەندەکان...تاد کۆنترۆڵ بکەی. ئەڵقەکە دوگمەیەکی بچووکی هەیە کە ئەگەر دایبگری وێنەیەك بە مۆبایلەکەت دەگری، یان گۆرانییەك لەسەر مۆبایلەکەت دەکەیەوە، یان کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی دەگۆڕی.

# گوگل تەبلێت نیکسۆسی ۹ی خستەڕووو



لەم ماوەیەدا گوگل تەبلێت نیسکۆسی 9ی خستەڕوو، تەبلێتێك کە بەرهەمی بیرۆکەی ئەندازیارە پسپۆڕەکانی HTCیە. تەبلێتی ناوبراو دیزاینێکی سەرنجڕاکێشی هەیە، شاشەکەی 8.9 ئینجە، کوالیتی نیشاندانەکەی QHDیە. سپیکەر واتە بڵندگۆکانی لە جۆری BoomSoundە. رامی تەبلێتەکە دوو گیگابایتە. باترییەکەی هەتا 9 کاتژمێر بەتەواوی دانابەزێت.

گوگل لەبارەی تەبلێتی نیکسۆس 9ەوە دەڵێت: "ئەم تەبلێتەوە بە رادەیەك بچووکە کە دەکرێت بە دەستێك هەڵبگیردرێت، بەرادەیەکیش گەورەیە کە دەکرێت هەموو کارێکی لەسەر دەکرێت".

گوگل بۆ ئەم تەبلێتە کیبۆردێکیشی داناوە، کیبۆردەکە بەهۆی توانای راکێشانەوە واتە موگناتیسەوە بە نیکسۆس 9 ـوە دەلکێندرێت. بە جۆرێك دەبێتە لاپتۆپێکی تەواو.



## مینی کۆمپیوتەری ماک کەمترین وزەی دەوێت

مینی کۆمپیوتەر، واتە کۆمپیوتەری بچووك کە هەر بەقەد کتێبێکی مام ناوەندی دەبێ، بەڵام ئەرکی کۆمپیوتەرە مەزنەکان بە باشی ئەنجام دەدات، مینی کۆمپیوتەر چەند ساڵێکە شوێنی کۆمپیوتەری دیسکتۆپی گرتۆتەوە، چونکە وزەی کەمتری دەوێت، هەروەها شوێنێکی کەمتر دەگرێت و کەمتریش تێکدەچێت.

لەم ماوەیەدا کۆمپانیای ئەپڵ مینی کۆمپیوتەرێکی بچووکی بڵاو کردەوە، mac miniیەکە، تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: نەوەی چوارەمی cpu ئەنتەلی لەسەرە، دوو پۆرتی تەندربولت 2 و کارتی گرافیکی HD graphics لەسەرە. "فیل شیلەر" بەڕێوەبەری بەشی راگەیاندنی ئەپڵ رایوایە ماك مینی بە بەراورد بە گشت کۆمپیوتەرە دیسکتۆپییەکان کەمترین وزەی دەوێت.

کۆمپیوتەری ماك مینی سێ جۆری دەخرێنە بازاڕەوە، یەکەمیان پرۆسیسەری دوو ناوەکی i5 چوار گیگابایت رامەکەیەتی، لەگەڵ 500 گیگابایت هاردەکەی.

دووەم، خێرایی پرۆسیسەرەکەی 2.6 گیگایەو رامەکەی 8 گیگابایتە و هاردەکەی یەك ترابایتە. جۆری سێەمیان پرۆسیسەرەکەی i5 و 2.8 گیگا هێرتز خێراکەیەتی. هەشت گیگابایت رامەکەی و یەك ترابایت هاردەکەیەتی.

## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت، بۆچی ئەنتی ڤایرۆسەکان دەبنە هۆی سستبوونی خێرایی کۆمپیوتەر؟ بۆچی ئەوکاتەی کە ئەنتی ڤایرۆسەکەم ئەکتیڤ و چالاکە، کۆمپیوتەرەکەم خێرایی جارانی نامێنێ؟

خوێنەری بەڕێز، هەموو ئەنتی ڤایرۆسێك بەم جۆرە نییە، هەندێك لە ئەنتی ڤایرۆسەکان کاتێك فایلێك سکان دەکەن و دڵنیا دەبن کە ئالوودە بە ڤایرۆس نەبووە، لە سکانکردنێکی دیکەدا چاوپۆشی لەو فایلە دەکەن، بەڵام هەندێك لە ئەنتی ڤایرۆسەکان وا نین، بەڵکو هەموو جار چاو بە هەموو فایلەکاندا دەخشێننەوە، ئەمەش دەبێتە هۆکارێك بۆ ئەوەی کە خێرایی کۆمپیوتەر بەرەو سستی بڕوات، بەڵام بۆ ئاگاداریتان هەر ئەوەی کە ئەنتی ڤایرۆسەکە وا بە وردی بەسەر گشت فایلەکاندا چاودەخشێنێتەوە، ئەمە دڵنیایی زیاتر بە بەکارهێنەر دەبەخشێت، راستە سیستەمی کۆمپیوتەر سست دەبێت، بەڵام دڵنیایی زیاتری هەیە لە ئالوودە بوون بە ڤایرۆس.






## سایتێک بۆ فێربوونی زمانەکان

فێربوونی هەر زمانێکی دی دەبێتە هۆی دەوڵەمەندی و هزرفراوانی بۆ تاك، هەر بۆیە دەڵێن تۆ چەند زمان بزانی، ئەوەندە مرۆڤەی.. گەلێك پرۆگرام و خول وانەی فێرکردنی زمان هەن، لە پەنا ئەوانەشدا بە هەزاران سایتی ئەلکترۆنی واتە ماڵپەر هەن کە بۆ مەبەستی فێرکردنی زمان داندراون. سایتی www.forvo.com یەکێك لەو سایتە سەرکەوتووانەیە بۆ فێربوون هەر زمانێك، هەتا زمانی کوردیش. ئەم سایتە بۆ دەربڕینی زمانەکەیە واتە گۆکردنی وشەکان لەسەر ئەوانەی خاوەنی ئەو زمانەن، زیاتر لە 240 زمان لەو سایتەدا هەن، دیارە هەموو وشەیەکی تێدا نییە، بەڵام تۆش دەتوانی بەهۆی مایکرۆفۆنێکەوە لە دەوڵەمەندکردنی سایتەکەدا هاوکار بی و وشەی زیاتر بخەیتە ناو سایتەکە. زیاتر لە 500 هەزار وشە لەو سایتەدا هەن، کە دەکرێ گوێیان لێبگری.

# پرۆگرامێکی گرنگ بۆ ناسین و دیتنەوەی ئۆتۆماتیکی درایڤەکان

دۆزینەوە و ناساندنی سەختەئامرازێک بە سیستەمی ویندۆز کە بە زمانی کۆمپیوتەر پێی دەگوترێت (ئینستۆل درایڤێر) و لەم هەرێمەدا تەنیا بە کورتکراوەی (تەعریف) کەوتۆتە سەر زمان، لەکاتی دانانەوەی سیستەمی ویندۆزدا زۆر پێویستە، ئەگەر سیستەمی ویندۆز درایڤێك بۆ نموونە کیبۆرد، ماوس، دەنگ، تۆڕ...تاد نەناسێ ئەوە گرفتێکی گەورە روودەدات، ئەم سەختە ئامرازە بە کۆمپیوتەر پەیوەند نادرێت.

لە ویندۆزی 7 بە دواوە گرفتەکە تا رادەیەك ئاسان بۆتەوە چونکە سیستەمی 7 و 8 خۆیان ئۆتۆماتیکی تەعریفەکان دەکەن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەندێك درایڤ هەن کە پێویستیان بە ناساندنە.

ونبوونی درایڤەکان، کۆن بوونیان، دۆزینەوەو دابەزاندنیان پێشووتر گرفت بوو، لێرەدا پرۆگرامێکتان پێ دەناسێنین کە لەم بوارەدا لە ریزی یەکەمدایە.

پرۆگرامی DriverPack Solution کە لەم دواییەدا ڤێرژنی نوێی کەوتۆتە بازاڕەوە، ئەم پرۆگرامە لەگەڵ پرۆگرامەکانی هاوشێوەی ئەو تایبەتمەندییەی هەیە کە ئۆتۆماتیکی درایڤەکان لەنێو هەزاران درایڤدا دەدۆزێتەوە، گشت جۆری لاپتۆپەکان، سیستەمەکان، مەزلبۆردەکان...تاد دەناسێ. هەندێك لە تایبەتمەندی پرۆگرامەکە ئەمانەن:

- هەزاران تەعریفی تێدایە.
- ئۆتۆماتیکی درایڤەکان دادەبەزێنێ.
- نوێکردنەوەی دراڤەکان بەشێوەی ئۆتۆماتیك.
- ئەگەر درایڤێك لەناو خۆیدا نەبێت، لە ئینتەرنێتدا بەدوایدا دەگەڕێت و دایدەبەزێنێت. ئەمانە و چەندین تایبەتمەندی دیکە لەم پرۆگرامەدا هەن.

